سەرۆك کۆمار کارنامەی لە باڵیۆزانی نوێی فیلیپین و ئوسترالیا و فەرەنسا وەرگرت

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید کارنامەی لە چارلی پاکنیان مانانجان باڵیۆزی نوێی فیلیپین، گلین ئێندرە مایز باڵیۆزی نوێی ئوستراليا و پاتریک دورڵ باڵیۆزی نوێی فەرەنسا وەرگرت و فوئاد حسێن جێگری سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە ئامادەبوو.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە میانی دیداری جیاجیای لەگەڵ باڵیۆزی هەر سێ وڵاتەکە، کە ئەمڕۆ دووشەممە 12-2-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچون، سەرۆك کۆمار دوپاتیکردەوە، عێراق بەردەوام لە کارکردن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای هاریکاری لە بواری جیاجیاکاندا بۆتایبەتی ئابووری و بازرگانی و هەماهەنگی و کاری هاوبەش بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا.

سەرۆك کۆمار هیوای سەرکەوتنی بۆ هەر سێ باڵیۆز خواست لە راپەاندنی ئەرکە نوێکانیان و پتەوترکردنی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان عێراق و وڵاتەکانیان.

لای خۆیشیانەوە هەر سێ باڵیۆز خواستی وڵاتەکانیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و پێرۆپەدانیان لەچوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەشدا، دەربڕی